

# ساڵی کچە هەرمەنی لە موکریان

## لە بەڵگەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دا

تاهیر قاسمی



# ساڵی کچە هەرمەنی لە موکریان

## لە بەڵگەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دا

**تاهیر قاسمی**

## وەک پێشەکی

زۆر منداڵ بووم کە باسی کچە هەرمەنیم لە بە تەمەنەکان بیست بەڵام ئەوان زانیاریی زۆریان لە بارەیەوە نەدەزانی. هەر ئەوەندە کە کوڕێکی کورد کچێکی هەرمەنی هەڵگرتوەو لە سەر ئەوە هەڵلا ساز بووە تا دواتر کە مەسڵەت کراوە. بەڵام ئەوە کە هەڵگرتنەکە لە کوێ بووە، کچە هەرمەنی بۆ لەو ناوچەیە بووە، هەڵلاکە چۆناوچۆن بووە، هەڵلاکەران کێ بوون و دواجار چۆن مەسڵەت کراوە، ریزە پرسیارێکی بۆ زەینی بە پرسیاری من بێ وڵام بوون. گەورەتر بووم و نەقڵی حەریقی شاعیرم بیست کە ئاغا ریشی تاشیبوو و ئەویش شکایەتی کردبوو بەڵام شکایەتەکەی لە هەڵلا و پشێویی کچە هەرمەنی دا پشتگوێ خرابوو و بۆخۆی گوتبووی ریشی من لە هینەکەی کچە هەرمەنی دا ون بوو. بەو پێیە وا دیار بوو هەڵلاکە گەورە بووە بەڵام دیسانیش زانیاریی زۆرم لە سەری نەبوو. لەو ماوەیەدا چەند لێکۆڵینەوەو وتاریش لەو بارەوە نووسرابوون کە ئەمن نەمتوانیبوو بیانخوێنمەوە و دەستم پێیان نەگەیشتبوو. تا ماوەیەک لەوە پێش لە کتێبی "ژیان و شێعرەکانی سەیفولقوزاتی قازی" دا تووشی ناوی تۆرەمەی ئەو کوڕە کورد و کچە هەرمەنیە بووم کە لە لای سەیفولقوزات و دواتر حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی وەک میرزا و موباشیر گیرسابوونەوە. هەر ئەمە وای کرد کە جارێکی دیکە بە دوای خوێندنەوەی بەسەرهاتی کچە هەرمەنی دا تێهەڵبچمەوە. بە ئینترنێت دا گەڕام و چەند بابەت و نووسراوەم لەم بارەوە بە زمانی فارسی و کوردی دۆزیەوە. ئەگەرچی بابەت و لێکۆڵینەوەکان سەرنجراکێش بوون و تامەزرۆییان دەشکاند بەڵام هەستم کرد تێرم ناکەن. لە دڵە خۆم دا گوتم مادام ئەو بەسەرهاتە پێوەندی بە پیاوێکی ئینگلیزیەوە هەیە و دەوڵەتی ئینگلیزیش لەو هەڵلایەدا بەشدار بووە، حەتمەن دەبێ بە زمانی ئینگلیزیش لەم بارەوە شت نووسرابێ. بە دوای وشەی لاتینیی گرینفیلد (Greenfield) دا گەڕام و دیتم بۆچوونەکەم درووست بوو. هەر لە رۆژنامەکانی ئەو سەردەمی ئەمریکاوە تا بەڵگەنامەکانی پارلمانی بریتانیا و تا ساڵنامەی ئەو وڵاتە، لەم بارەوە باس و بابەت و بەڵگەیان تێدایە. لەو لاوەش تووشی

بابەت و نووسراوەو لێکۆڵینەوەیەک بە زمانی کوردی یان فارسی نەببووم کە کەلکی لەو سەرچاوە ئنگلیزیانە وەرگرتبێ. وا دیارە نووسەران و لێکۆڵەران دەستیان بە سەرچاوە ئینگلیزیەکان رانەگەیشتبوو. ئەوە بوو کە هەستم کرد پێویست دەکا بەسەرهاتی کچە هەرمەنی جارێکی دیکە بنووسرێتەوە و لێبڕام بە یارمەتی هەردوو سەرچاوە رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییەکان ئەو کارە بکەم. ئاکام ئەوە بوو کە لەم بابەتەدا دەیبینن.

## ساڵنامەی زارەکی لە موکریانی سەر چەقی ڕووداوەکان

ناوچەی موکریان بە درێژایی سەدەکانی رابردوو، ناوەندی ڕووداو و بەسەرهات بووە. ئەم ناوچەیە هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی ماناکانەوە وەک دامەزرانی یەکەم دەسەڵاتی سیاسیی تۆمار کراو لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، لە ململانێ دەگەڵ هەر دوو زلهێزی ئورارتوو و ئاشوور، دامەزرانی دەوڵەتی ماد، ململانێ لە گەڵ دەسەڵاتەکانی دواتری هەخامەنێشی، ئەشکانی و ساسانی، بەرەنگاری لە گەڵ هێرش و هورووژمی عەرەب و دواتر تورک هەتا دامەزراندنی حکومەتی کۆماری کوردستان و.. ڕۆڵی گرینگی لە ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران دا بووە. ڕەنگە هەڵکەوتنی ناوچەکە لە سەر ڕێگای ئاوریشم، بوونی خاکی بە پیت و بەرەکەت بۆ کشتوکاڵ لە پاڵ کوێستانی عەزیم و سازگار بۆ ئاژەڵداری و دە باوەش گرتنی گۆلی ورمێ کە لە کۆنەوە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ دابینکردنی خوێ لە دوور و نیزیک بووە، هۆکاری گرینگیی ئەو ناوچەیە و بەو پێیەش هۆکاری ڕوودان و هاتنە ئارای ئەو هەموو ڕووداوو بەسەرهاتە بووبێ. دیارە موکریانیش وەک زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بەسەرهاتە ناخۆشەکانی زۆر لە ڕووداوە خۆشەکان زیاتر بووە. ڕووداوگەلی وەک شەڕ و خۆڕاگری لە بەرامبەر هورووژمی داگیرکەران، بوون بە گۆڕەپانی شەڕی زلهێزان، کوشتاری دانیشتوانەکەی، وشکەساڵی و گرانی، سێڵاو و زۆر کارەساتی مرۆیی یان سروشتی دیکە. تەنانەت زۆر بەسەرهاتیش لەو ناوچەیە کە بە خۆشی دەستیان پێ کردبێ و بە خۆشی درێژەیان کێشابێ، بە خەم و ناخۆشی تەواو بوون. بەڵام لەم نێوەدا ڕەنگە ڕووداوی کچە هەرمەنیی بەرباسی ئێمە، لە دەگمەن ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو ناوچەیە بێ کە ئەگەرچی مەترسی شەڕو ماڵوێرانی و کوشتاری خەڵکی ناوچەکەی لێ دەکرا، بە خۆشی و شادی کۆتایی هات و بە کۆتایی هاتنی، خەڵک هەستیان بە سەرکەوتنی خۆیان لە بەرامبەر دەسەڵاتە زلهێزەکانی ناوچەو تەنانەت جیهان دا دەکرد .

لە کۆمەڵگای نەخوێندەوار یان کەم خوێندەواری رابردووی کوردستان دا، رووداوە گرینگە گشتییەکانساڵیان بە نێو دەکرا و وەک سەرەتای بڕگەیەک لە مێژووی نیزیک دیاری دەکران. لە تەقویم و کالانتەریی زارەکیی کۆمەڵگا دا، ئەم رووداوانە دەبوون بە دەسپێکی قۆناخێک لە مێژوو و حیسابی ساڵ و مانگیان لە سەر دادەمەزرا. وەک ساڵی شۆرشی شێخ عوبەیدیللای نەهری، ساڵی گرانی، ساڵی کوژرانی هەمزاغا، ساڵی سێڵاو، ساڵی هێرشی رووس و.. هەرچەند تەمەنی ئەو بڕگە مێژووییانە لە زەینی کۆمەڵگا دا تەنیا بە رادەی تەمەنی ئەو کەسانە بوو کە شاهیدی رووداوەکە بوون و بە دەگمەن لەوە تێپەڕی دەکرد. کات و چۆنیەتیی ئەو رووداوانە چونکە نەدەنووسرانەوەو تۆمار نەدەکران، دوای مەرگی شاهیدانی رووداو، ئیتر ساڵ ژماردن لە سەر بنەمای رووداوەکە، لە دەست وەچەی دوای ئەوان دەردەچوو و رووداو دەبوو بە مێژووی دوور و بەرەبەرە لە یادان دا کاڵ دەبۆوەو لە بیر دەچۆوە.

یەک لەو ساڵە گرینگانەی لە موکریان بە رووداوێکەوە ناودێر کرا، ساڵی "کچە هەرمەنی" بوو. لەو ساڵەدا کوڕە رەعیەتێکی کوردی بە ئایین موسوڵمان، کچی زەمینداریکی ئینگلیسی و بە ئایین مەسیحی هەڵگرت. ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ دۆخی نیزیک بە سەت و سی ساڵ لەوە پێشی موکریان، رووداوێکی ناوازە بوو. ئەم رووداوەش ئەگەر هاوکات لە گەڵ پەرەگرتنی خوێندەواری و نووسینەوەی مێژوو ئەویش لە لایەن بێگانان نەبا، بە هۆی تۆمار نەکرانی لە لایەن ئەو کەسانەی لە ناخی رووداوەکان دا بوون، لەوانە بوو بە یەکجاری لە بیر بچێتەوەو ئەمڕۆ ئێمە هیچی لێ نەزانین. بەو حاڵەش چونکە ئەوانەی لە ناخی رووداوەکە دا بوون و بە چاوی خۆیان رووداوەکانیان دیت، نەیاننووسیەوەو تۆماریان نەکرد، ئێمە زانیاریی وردمان لە سەر چۆنیەتیی رووداوەکان و ئەکتەرەکانی ناو ئەو رووداوە نییە. ئەوەی هەیە کەسانێ چ لە رۆژهەڵات و چ لە رۆژئاوا، دووراودوور لەم بارەوە گێڕانەوەیان بیست و نووسیانەوە. لە سەرووی هەموانیش، تۆمارکراوەکەی

ئیعتمادولسەڵتەنەی وەزیری ڕاگەیاندنی دەرباری قاجار بوو کە دواتر بوو بە سەرچاوەی زانیاریی ئەوانەی لەم بارەوە لێکۆڵینەوەیان کرد و بابەتیان نووسی. بەڵام وێڕای زانیاریەکانی ئیعتمادولسەڵتەنە، کە وەک تاکە سەرچاوەی ڕۆژهەڵات لە بەر دەست دایە، ڕووداوی کچە هەرمەنی لە ڕۆژئاواش تۆمار کرا و چەندان ڕۆژنامەو ناوەند لە سەریان نووسی و تۆماریان کرد. لەوانە ڕۆژنامەی "شیکاگۆ تریبون"و "نیویورک سان" لە ئامریکا، یادداشتەکانی ، میسیۆنێری ئەمریکایی "ل.و. فاسۆم" کە لە ساڵانی دوای ڕووداوی کچە هەرمەنی بۆ ماوەیەک لە سابڵاخ بوو، ویکیسۆورسی ئینگلیسی، لەندەن تێلگراف، دەیلی نیوز و هەروەها لە بەڵگەنامەکانی پارلمانی بریتانیا دا چەند جار باسی کراوە و زانیاری لە سەر تۆمار کراوە. دواتریش نووسەران و مێژوونووسانی کورد لەوانە بەڕێزان ق. بابامیری و موهەندیس ڕەزا داوودی سەبارەت بەو ڕووداوە مێژووییە وتار و لێکۆڵینەوەیان نووسیوە. بەڵام ئەوەندەی ئەمن ئاگادارم بم، بەڵگە ڕۆژئاواییەکان لە چاوی لێکۆڵەرانی کورد نەدیو بووەو ئەوەی دواتر سەبارەت بە ڕووداوی کچە هەرمەنی نووسراوە، پشتی بە ڕۆژنامەی ئیعتمادولسەڵتەنە و گێڕانەوەی بەرەی دووهەم و سێهەمی دوای شاهیدانی ڕووداوەکە بەستووە. لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم بە کەلک وەرگرتن لەو سەرچاوانەی دەستم پێیان ڕاگەیشتوە، ئاوڕێک لە چۆنیەتی هەڵڵای کچە هەرمەنی لە موکریان بدەمەوە. ڕووداوێک کە لە باسی خۆشەویستی و ئەویندارییی دوو لاو واوەتر چوو، لە هەڵڵایەکی بچووکەوە بوو بە کێشەیەکی نێونەتەوەیی و سێ وڵاتی گەورەی ئێران، عوسمانی و بریتانیای بۆ ماوەی چەند مانگ بە خۆوە سەرقاڵ کرد، ئەو وڵاتانەی لە گەڵ یەکتر تووشی ناکۆکی و هەڕەشە لێک کردن کرد و مەترسیی ئەوەی لێ دەکرا کە شەڕێکی گەورەی لە سەر هەڵبگیرسێ.

**هەڵگرتن و ڕەدواکەوتن**

رووداوی کچە هەرمەنی، بە هەڵگرتنی کچێک کە باوکی ئینگلیسی و دایکی ئەرمەنی بوو، لە لایەن کوڕێکی کورد دەستی پێ کرد. "هەڵگرتن"ی کچ لە لایەن کوڕ ئەوەیە کە کوڕێک بە بێ ڕەزامەندیی بنەماڵەی کچ، تەنانەت پێش ئەوەی بە پێی ئایین و نەریت کچەکەی لێ مارە بکرێ، تەنیا لە سەر خواستی خۆی و کچەکە و ڕەنگە شک بردنی پەنایەک لە دەرەوەی بنەماڵەی دوو لایەن، بە دزی و بە نهێنی لە بنەماڵەکەی جیای دەکاتەوەو بە یەکەوە بەرەو شوێنێکی نادیار خۆیان دەشارنەوە. بە واتایەکی دیکە کچەکە لە بنەماڵەکەی دەڕفێندرێ. بەو کارەی کوڕ دەڵێن "هەڵگرتن" و هی کچ بە "ڕەدواکەوتن" یان "ڕەدووکەوتن" ناو دەبرێ. کچ ڕەدوای کوڕ دەکەوێو کوڕ ژن هەڵدەگرێ.

دیاردەی "ژن هەڵگرتن" و "ڕەدوا کەوتن" لە موکریان، شتێکی زۆر نامۆ نییەو نەبووە. لە دێرزەمانەوە کاتێک یاساو ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان هەموو ڕێگاکانی پێک گەیشتن لە کوڕو کچی ئەویندار دەبەستن، ئەوانیش ناچار دڵ بە دەریا دادەدەن و هەوڵ دەدەن بۆخۆیان، بە سەر یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکانو هەموو ئەو کۆسپو تەگەرانەدا باز بدەن کە ناهێڵن پێک بگەن. بۆ ئەوەش، بە دزی و بە دوور لە چاوی بنەماڵەو خزم و خەڵک، بە یەکەوە چارەنووسێکی نادیار دەگرنە بەر.

سەرەڕای ڕوودان و دووپات بوونەوەی بەردەوامی ئەم حاڵەتە لە شار و گوندەکانی کوردستان دا، هەڵگرتن و ڕەدواکەوتن هەتا ئێستاش، وەک کارێکی دژە نەریت لە لایەن کۆمەڵگاوە سەیری دەکرێ. مەزهەبیش ڕێگا بەو کارە نادا و پیاوانی مەزهەبی گەلێک جار بەرەنگاری ئەو دژە نەریتە بوونەتەوە. لە ناو کۆمەڵگا دا بنەماڵەی کچ لێهەڵگیراو ئەو کارە وەک دەستدرێژی بۆ سەر شەرەفی بنەماڵە چاو لێ دەکەن و بە پەڵەی داوێنی بنەماڵەو تایفەو عەشیرەی دەزانن و پیاوانی بنەماڵە دەبێ ئەو پەڵەیە بشۆنەوە. شۆردنەوەشی زۆر جار بە خوێن نەبێ ناکرێ. بەو هۆیەش، ڕەدوا کەوتن و هەڵگرتن بۆ کچو کوڕ بێ خەسارو تێچوو نەبووەو نییە. ئەگەر بنەماڵەی کچ دەستڕۆیشوو و ساحەب پیاو بن، کوڕ و زۆر جار کوڕ و کچ بە یەکەوە لە سەر ئەم کارە کوژراون. خۆ ئەگەر

نەشیانکووژن، ئەوە خەسارو تێچووی ئەو کارەیان تا ساڵانێکی درێژ لە سەر شان بارە. کوڕ دەبێ بە پووڵ و ماڵی زۆر یان دانی خوشک و کچێکی نیزیکی خۆی لە تۆڵە دا، خەسار و تێچووی ئەم کارە بدا. بەڵام قورسایی زیاتری تێچووی کارەکە لە نێو کۆمەڵ دا، لە سەر شانی کچی ڕەدواکەوتووە. ماڵی باوانی بۆ چەند ساڵ و ڕەنگە تا هەتایێ پشتی تێکەن، نەیدوێنن، وەخۆی نەگرنەوەو لە خۆیان بێبەری بکەن. ئەمەش بۆ هەر ژنێک لە کۆمەڵگای پڕ لە زەبروزەنگ و عاتفەی وەک کوردستان، ئازارێکی بە ژانەو بە واتای بێ پشت و پەنابییە. هاوکات لە ماڵی مێرد و دەرو جیرانیش تا مردن، دەبێ تانە و تەشەری ئەم و ئەو سەبارەت بە هەڵگیرانی و ڕەدواکەوتنی، ببیسێ. سەرباری هەمووی ئەوانە ڕەنگە تووشی مێردی نامەردیش بووبێ. لە راستیدا ریسکی ئەم پێکگەیشتنە بۆ کچی ڕەدواکەوتوو، چەند پلە لە هی کوڕی ژن هەڵگرتوو، زیاتر و قورسترە. هەر بۆیەش پشکی شێری ئازایەتی و فیداکاری لە گرتنە بەری ئەم ڕێگایە دا، بەر کچ دەکەوێ. لە بەسەرهاتی کچە هەرمەنیی بەرباسی ئێمەش دا، وەک دواتر دەبینین، ئازایەتیی "کەیت گرینفیلد" یان گوڵیزار و فاتمی دوای ڕەدواکەوتن، لە هی عەزیزی کوڕە کورد زیاتر و گرینگتر بووە. هەر ئەویش بوو کە دواجار بە شاهیدی دان لە سەر خۆی، گیانی عەزیزی رزگار کرد و پێشی لە ڕوودانی شەڕێک گرت کە ڕەنگ بوو سەدان و هەزاران کەسی تێدا بکوژرێ.

### ساڵی بەسەرهاتی کچە هەرمەنی

ڕووداوی کچە هەرمەنی بەو جۆرەی لە ڕۆژنامەو بەڵگەنامەکانی ڕۆژئاوا دا تۆمار کراوە، لە ساڵی ١٨٩١ی زایینی کە ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتدارەتیی ناسرەدین شای قاجار بوو، لە ناوچەی موکریان هاتە ئاراوە. ئیعتمادولسەڵتەنەش لە دوو نۆرە دا، ڕووداوەکەی تۆمار کردووە کە هەمان ساڵ دەگرێتەوە. لە سەر یەکەمیان "زیحەججە"ی ساڵی ١٣٠٨ و بۆ دووهەمیان موحەڕڕەمی ١٣٠٩ی کۆچی مانگی بۆ ڕووداوەکە نووسیوە. ئەو دوو

تۆمارەش لە گەڵ ساڵی ١٨٩١ی زایینی ڕێکن و ئەوانیش دەکەنە ساڵی ١٢٧٠ی کۆچی هەتاوی. هەموو سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن کە هەڵلا سەرەکیەکە لە سەرەتای هاوینی ١٢٧٠ی هەتاوی دا بووەو وێدەچێ کەیت لە نێوەراست یان مانگی کۆتایی بەهاری ئەو ساڵەدا هەڵگیرابێ.

## ئینگلیزیەکی زەمیندار لە موکریان

ڕەنگە هەتا ئێستاش ئاسایی نەبێ کە بنەماڵەیەکی بریتانی لە گوندێکی کوردستان بگیرسێنەوەو ئەوەندەش تێکەڵ بە دەرو جیرانان بن کە کچەکەیان تووشی دڵداری و حەز لێکردویی لە گەڵ کوڕە کوردێکی دراوسێ بێ و ڕەدوای بکەوێ. هەر بۆیە ڕوودانی بەسەرهاتێکی ئاوا لە ١٢٧ ساڵ لەمەوبەر دا، ڕووداوێکی زۆر سەرنجراکێش بوو. هەرچەند چیرۆکەکە لە سەر زاری خەڵک وەک چیرۆکی کچە هەرمەنی و نە کچە ئینگلیسی یان بریتانی، نێوبانگی دەرکردوە. هەرمەنیەکانیش لە ئەرمەنستان لە لایەک وەک خاک دراوسێی کوردستانن و لە لایەکی دیکە وەک نەتەوە، لە زۆر شوێن و ناوچەدا بە شێوەی کۆلۆنیی بچووک، لە پاڵ کورد دا دەژین. بەلام هەموو سەرچاوەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە ئیساک گرینفیلدی باوکی کەیت خەڵکی ولاتی ئینگلستان بوو.

سەرچاوەکان "ئیساک گرینفیلد"ی باوکی کەیت یان کچە هەرمەنیی بەر باسی ئێمە، بە بازرگان و بەشی زۆریان بە هەر دوو پیشەی بازرگان و زەمیندار دەناسێنن. ڕۆژنامەی "شیکاگۆ تریبون" لە ژمارەی ڕۆژی ٢١ی سێپتامبری ١٨٩١ی خۆی دا راپۆرتێکی سەبارەت بە ڕووداوی کچە هەرمەنی بلاو کردۆتەوە و تێیدا "ئیساک گرینفیلد"ی کۆچکردوو وەک بازرگان و پاشان خاوەن زەوی ناساندوە. سەبارەت بە پیشەی بازرگانی لە کوردستانیش نووسیویەتی: "بازرگانیی کوردەکان بە دەست ئەرمەنیەکان، ئێرانیەکان و هێندێک

ئوروپاییەوەیە." ئەوەش دەکا بە منەت بە سەر کوردەکانەوەو دەڵێ: "ئەوە یارمەتی بە پێشکەوتنی کوردەکان دەکا کە بە پووڵی ئەوان پیشەی کشتوکاڵی خۆیان بەرەو پێش بەرن. لەم نێوەدا پیاوێکی ئینگلیسی بە ناوی "ئیساک گرینفیلد" لە سابڵاخ نیشتەجێ بوو و بوو بە خاوەن زەوی."

ئیعتمادولسەڵتەنە وەزیری راگەیاندن لە دەرباری ناسرەدین شا، لە بیرەوەریەکانی دا گرینفیلد وەک بازرگان دەناسێنێ و دەنووسێ؛ "بازرگانێکی ئینگلیسی بە ناوی گراند فیلد دەمێک ساڵ بوو لە کوردستان و ئازەربایجان خەریکی بازرگانی بوو. هاوسەرەکەی ئەرمەنی و کچێکیان هەبوو. (لە کاتی رووداوەکەدا) چوار یان پێنج ساڵ دەبوو مردبوو..." لە درێژەی باسەکەشدا دەڵێ؛ "ملک و ماڵێکی زۆریان بۆ بە جێ مابوو".

ق. بابامیری لە ژمارە ٧ی گۆڤاری سروە، لە ژێر ناوی "کچە هەرمەنی"دا بە بێ ئاماژە بە سەرچاوە، رووداوەکەی وەرد داوەتەوەو سەبارەت بە کەسایەتیی گرینفیلد نووسیویەتی: "لە سەردەمی دەسەڵاتداری بنەماڵەی قاجار، لە ساڵەکانی دوایی چەرخی هەژدە دا، بازرگانێکی ئینگلیسی بە ناوی (گرانفیلد) بۆ تیجارەت دێتە وڵاتی کوردستان. چەند ساڵێک خەریکی کەسب و کار دەبێ و ماڵ و سامانێکی زۆر وەسەریەک دەنێ و دەگیرسێتەوە".

سەرجەم سەرچاوەکان کۆکن لە سەر ئەوە کە گرینفیلد لە کوردستان و لە موکریان نیشتەجێ بووە و زەوی و ملکی زۆری هەبووە. بەڵام کەمتریان ئاماژەیان بەوە نەکردوە کە بە تایبەتی لە کوێ گیرساوەتەوەو لە کام گوند خاوەنی زەوی و زار بووە. شیکاگۆ تریبون نووسیویەتی: "*پیاوێکی ئینگلیسی بە ناوی "ئیساک گرینفیلد" لە سابڵاخ نیشتەجێ*

*بوو و بوو بە خاوەن زەوی*" کە ئەمە دەکرێ گشتیگۆیی بێ و وێناچێ زەوی و زاری لە شاری سابڵاخ بووبێ.

بۆ یەکەم جار مامۆستا هێمن لە پەڕاوێزی وتاری "وڵامێکی دۆستانە" لە کتێبی پاشەرۆک دا نووسی: "...کوڕە کوردێک لە قەباغکەندی کچە ئەرمەنیەکی هەڵگرتوە کە باوکی پیاوی رووسی تەزاری بووە. ئەم کارە بچووکە زۆر گەورە بۆتەوەو خەریک بووە شەڕی عوسمانی و رووس و دەوڵەتە مەسیحیەکانی لێ پەیدا ببێ.." بەم جۆرە مامۆستا گوندی قەباغکەندی یان قەباکەندی، هەڵکەوتوو لە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی نیزیک میاندواو بە شوێنی هەڵگیرانی کچە هەرمەنی دەستنیشان دەکا. بەڵام ناوچەی چۆمی مەجیدخان وەک ناوی خۆی بە خۆیەوە، لەو سەردەم دا ملکی مەجیدخانی موکری بوو. دوای مەجیدخانیش بە میرات بۆ شێخاڵیخانی کوڕی ناسراو بە شوجاعودەولە مایەوە. میرزا تەها، کە دەبێتە باپیری بابم، میرزا و نوێنەری شێخاڵیخان، دوو ژنی هەبوو کە بۆخۆی زیاتر لە گەڵ ژنی یەکەمی لە "قەڵای رەسوڵەسیت"ی ناوەندی دەسەڵاتی شێخاڵیخان نیشتەجێ بوو و لە قەباکەندی ماڵی بۆ ژنی دووهەمی گرتبوو. بە دوورە لەو کاتەدا قەباکەندی ملکی کەسێکی دیکە بووبێ و مناڵەکانی میرزای شێخاڵیخان لە گوندی ئاغا و ملکدارێکی دیکە گیرسابنەوە. هەرچەند شێخاڵیخان لە کۆتایی تەمەنی دا یەک لە دوای یەک گوندەکانی و بەشی زۆری سەروەت و سامانەکەی لە دەست دا بەڵام ئەوە دەبێ زۆر دواتر بووبێ.

لەم نێوەدا  کاک محەممەد رەزا داودی کە بۆ یەکەم جار بەسەرهاتی کچە هەرمەنی لە توێی کتێبێکدا بە زمانی فارسی و لە ژێر ناوی "ماجرای دختر گرین فیلد (کچە هەرمەنی) در مهاباد" چاپ و بڵاوکردەوە، دەڵێ: "کەسێکی ئینگلیسی بە ناوی گرینفیلد، لە کۆنسولەکانی پێشووی ئینگلیس، ساڵانێک بوو لە کوردستان و ئازەربایجان بازرگانی دەکرد، سەروەت و سامانێکی کۆ کردەوەو گوندی "سەراورەحیم خان"ی کڕی و بوو بە ئاغای ئەو دێیە. چەند ساڵ دواتر گرینفیلد مرد و ملکی زۆری لە پاش بە جێ ما".

" سەراو" و "رەحیم خان" دوو گوندی دراوسێی یەکترن لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان و مەبەستی کاک رەزا، گوندی "سەراو"ە کە بە "سەراوی رەحیمخان"یش بە ناوبانگە. ملّکی سەراو دواتر لە نێوان سەیفولقوزات و عەلی بەگی حەیدەری، برا بچووکی میسباحودیوانی ئەدەب دا بەش کرا. هەڵبەت ئەگەری ئەوەش هەیە کە گرینفیلد خاوەنی زیاتر لە یەک گوند بووبێ. ل.و، فاسوم لەم بارەوە نووسیویەتی: "..کابرایەکی ئینگلیسی زۆر بە دەستەڵات لە گەڵ یایەکی دەوڵەمەندی هەرمەنی زەواجی کرد کە خاوەنی چەندین دێ بوو لە نزیک سابڵاغێ." بەڵام ئەگەری بەهێز سەبارەت بەو گوندەی کە عەزیز، کەیتی لێ هەڵگرت، هەر گوندی سەراوی رەحیمخانە. بە تایبەت کە وەچەی عەزیز و کەیت دواتر لە گوندی گوێگجەلیی نیزیک سەراو لە لای سەیفولقوزات، گیرسانەوە. میرزا خەلیل قزڵباش، وەک میرزای سەیفولقوزات بە سەر مووچە و مەزرای ئەو گوندە دا رادەگەیشت و دواتریش میرزا ساڵحی کوڕی میرزا خەلیل هەمان جێگای بۆ حەمە حوسێن خانی کوڕی سەیفولقوزات گرتەوە و لە کاتی گیرانی رێبەرانی کۆمار دا، هەوڵی زۆری بۆ رزگاریی حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و رێبەرانی دیکەی کۆمار دا و لەو دۆخە هەستیارەدا توانی چاوی پێیان بکەوێ.

شیمانە دەکرێ گیرسانەوەی ئیساک گرینفیلد لە موکریان تەنیا بەرهەمی بازرگانی و سامانی خۆی نەبێ و کەلکی لە بڕیارێکی زۆر پێشتری دەسەڵاتی قاجار وەرگرتبێ. هەوڵدان بۆ راکێشان و نیشتەجێ کردنی خەڵکانی ئوروپایی بە تایبەت ئینگلیزیەکان لە موکریان، بڕیارێکی حەفتا ساڵ بەر لە رووداوی کچە هەرمەنی، لە لایەن دەزگای بەڕێوەبەریی قاجار بوو. عەباس میرزا کوڕی فەتح عەلی شای قاجار کە وەلیعەهد و والیی ئازەربایجان بوو، هەوڵی زۆری دا کە ئینگلیسیەکان بە مەبەستی نیشتەجێ کردن، بۆ ئێران بە تایبەت بۆ کوردستان پەلکێش بکا. مێژوونووسانی فارس دەڵێن ئەو پێی وا بوو هەستانو دانیشتنی خەڵکی ئێران لە گەڵ ئوروپاییەکان پێشکەوتنی ئێران و ئێرانیەکانی لێ

دەکەویتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش میرزا سالحی شیرازی، نوێنەری خاوەن بڕیاری خۆی لە ئینگلستان راسپارد کە لەم بارەوە هەنگاو بنێ. میرزا ساڵحیش ساڵی ١٨٢٢ بۆ وەدیهێنانی ئەم خواستەی عەباس میرزا، ئەو بانگەوازەی خوارەوەی لە رۆژنامەکانی بریتانیا دا بڵاوی کردەوە:

"هەر کەس لە خەڵکی فەرەنگ بە دڵخوازی خۆی بیهەوێ لە ئازەربایجان کە پێتەختەکەی تەورێزە، نیشتەجێ بێ، بە تایبەت لە سابڵاغی دەڤەری کوردستان، بە رادەی پێویست زەوی و جێگا و رێگای بە مەبەستی نیشتەجێ بوون و کشتوکاڵ پێ دەبەخشین. ئەو شوێنە زۆر بە پیتە و دەغڵ و دانی چاک دێنێ. میوەی جۆراوجۆر و دانەوێڵە لەوێ هەر بە هەوای خۆرەتاو بەرهەم دێ. گیان و ماڵی ئەو کەسانە لە لایەن وەلیعەهدی ئێرانەوە دەپارێزرێ و داڵدە دەدرێ... هەروەها بەڵێن دەدرێ کە ئەو کەسانە بەو جۆرەی بۆخۆیان دەیانهەوێ، دەتوانن عیبادەتی خوا بکەن و کلیسا و پەرستگە بۆ خۆیان ساز بکەن". (نفیسی، سعید- تاریخ اجتماعی، سیاسی ایران- جلد دوم- ص٢٢٣)

بەم جۆرە دەبینین عەباس میرزا بانگەوازی هەڕاج کردنی خاکی کوردستان بە گوێی ئوروپاییەکان دەگەیەنێ. هەڵبەت جگە لەو بۆچوونەی کە مێژوونووسان پێیان وایە ئامانجی ئەم بانگهێشتنە، تێکەڵاو کردنی بیانیەکان لە گەڵ ئێرانیەکان بە مەبەستی پێشخستنی ئەوان بوو، عەباس میرزا وەک والیی ئازەربایجان، لە گوێن پێشینان و پاشینانی خۆی، لە گەڵ کوردەکان بەردەوام لە شەڕ دا بوو. سەرکوتی کوردەکان یەک لە کارە گرینگەکانی ئەو بوو. چونکە کوردەکان سەریان وەبەر فەرمانی دەوڵەت نەدەهێنا. بە پێی کتێبی "مێژووی ئەفشار" لە سەدەی هەژدە دا نیزیک بە ٢٠ شەڕ و پێکدادانی گەورە لە نێوان دەسەڵاتی ئازەربایجان و کوردەکان هاتە ئاراوە. ناوەندی زۆربەی ئەو شەڕ و سەرهەڵدانانەش شاری سابڵاغ و دەوروبەری بوو. لەو ساڵانەش دا کە عەباس میرزا سیاسەتی هاوردە

کردنی ئوروپاییەکان بۆ بەخشینی خاکی کوردستانی گرتبووە بەر، لە گەڵ کوردانی بڵباس لە شەڕ دا بوو. (گەنجی سەر بەمۆر ل.٤٤٦ – ٤٤٧)

میراتگرانی عەباس میرزا نەک هیچکات بڕیاری راکێشان و بەخشینی خاک بە ئوروپاییەکانیان هەڵنەوەشاندەوە بەڵکو ناسرەدین شای نەوەی عەباس میرزا دوای ئەوەی بوو بە شای ئێران، ئەم رێچکەیەی باپیری زۆر بە ڕژدتر درێژە پێ دا. ئەو دەرگای وڵاتەکەی بۆ ئوروپاییەکان بە تەواوی خستە سەر پشت و سەروەت و سامانی وڵاتی بۆ هەڕاج کردن.

هەرچۆنێک بێ ئیساک یان ئیسحاق گرینفیلد لە کوردستان بوو بە خاوەن مڵک و زەوی و گەلێک رەعیەتی کوردی لە بەر دەست دا بوو. لە گەڵ خاتوونێکی ئەرمەنی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. هەرچەند هەموو سەرچاوەکان لە سەر ئەوە کۆک نین کە ئەو خاتوونە ئەرمەنی بووبێ. بۆ وێنە شیکاگۆ تریبون دەڵێ: *"ئەم پیاوە ئینگلیسیە (گرینفیلد) ژنێکی ئەمریکایی هێنا کە لە تەورێز بوو."*

**ناوی کچە هەرمەنی**

بە پێی سەرچاوە رۆژئاواییەکان، بنەماڵەی گرینفیلد چوار کچ و سێ کوڕ بوون. باوک، بە پێی رۆژنامەی ئیعتمادوسەڵتەنە چوار – پێنج ساڵ پێش لە رووداوی بەر باسی ئێمە، کۆچی دوایی کرد. کوڕان ژنیان هێناو سێ لە کچانیش شوویان کرد و تەنیا منداڵی پاشەبەرە لە گەڵ دایکی مابوو کە ئەویش کچێکی تەمەن شازدە یان حەڤدە ساڵ بە ناوی "کەیت" بوو. دایک و کچ مڵک و ماڵێکی زۆریان بۆ بە جێ مابوو. زستانیان لە تەورێز تێپەڕ

دەکرد و بەهارانیش بۆ راگەیشتن بە سەر مووچەو مەزراو هەڵگرتنی خەلەو خەرمان، دەگەڕانەوە بۆ سەراو.

ڕووداوی بەر باسی ئێمە لە موکریان بە کچە هەرمەنی ناسراوە. نووسەرانی دواتری کورد، ناوی کچە هەرمەنییان بە "کەتی" یان "کاتی" نووسیوە. بەڵام سەرچاوە رۆژئاواییەکان ناوەکەیان بە "Kate" تۆمار کردووەو و ئەوەش بە شێوەی "کەیت" دەخوێندرێتەوە. کەیتیش لە فەرهەنگی ئینگلیسی دا ناوێکی باوە و هەر ئیستا ناوی هاوسەری وەلیعەهدی بریتانیایە. شیکاگۆتریبون لە راپۆرتەکەی دا سەرەتا ناوی ئەوی بە ئامیلیا نووسیوە بەڵام لە درێژەی راپۆرتەکەی دا بێ ئەوەی ئاماژە بە هەڵەی سەرەتای خۆی بکا، ناوەکەی بە "کەیت" راست کردۆتەوە.

### هەرمەنی، ئینگلیسی یان مەسیحی؟

ئەوەی لەم نێوەدا جێی لێ ورد بوونەوەیە ئەوەیە کە سەرەڕای بریتانیایی بوونی باوک و تەنانەت گومانی ئەوە کە دایکیش ئەمریکایی یان ئینگلیسی بووبێ، ڕووداوەکە بە ناوی "کچە هەرمەنی" ناوبانگی دەرکرد. شیکاگۆ تریبون لە حالێک دا باس لە ئەمریکایی بوونی یای گرینفیلدی دایکی کەیت دەکا کە لە باسی ئەرمەنی بوونی ئەو بێ ئاگا نەبووە. بۆ وێنە لە زمان عەزیز لەو کاتەدا کە کچ و کوڕ بۆ شابەندەرخانەی عوسمانی لە سابلاخ دەگەڕێندرانەوە، دەنووسێ: عەزیز گوتویەتی "کچەکە ئینگلیسی نییەو ئەرمەنی‌یە". ئەوەش لە حالێک دا بوو کە کۆمەڵگای باوک مەزنیی ئەو سەردەمی کوردستان زیاتر لە باوکەوە شوناسی بە منداڵ دەدا.

سەرەڕای ئەوانە، ئەگەری ئەوە بەهێزترە کە وەک ق. بابامیری نووسیویەتی "(گرینفیلد) لە ئەرمەنیەکانی کوردستان کچی خواستبێ" یان وەک و. ل. فاسوم نووسیویەتی لە تەورێز "لە گەڵ یایەکی دەوڵەمەندی هەرمەنی زەواجی کرد". بە تایبەت کە لە کاتی رەدواکەوتنی

کەیت دا، گرینفیلدی باوک کۆچی دوایی کردبوو و کچ راستەوخۆ لە ژێر سەرپەرەستیی دایکی دا بوو. بەڵام هەرمەنی بوونی دایک تاکە هۆکاری ئەوە نییە کە بەسەرهاتەکە بە رووداوی کچە هەرمەنی لە نێو خەڵک دا ناوبانگی دەرکرد. لە روانین و ئاخاوتنی ئەو سەردەمی موکریاندا، هەرمەنی بوون زیاتر لەوە کە پێناسەی خەڵکی وڵاتی ئەرمەنستان یان تاکی سەر بە نەتەوەی ئەرمەن بێ، بە پێڕەوانی ئاییني مەسیحیەت یان فەلە دەگوترا. واتە سەرەڕای ئەوەی هەرمەنیەکان لە کوردستانی ئەو سەردەم دا تاکە نەتەوەی سەر بە ئاییني مەسیحیەت نەبوون و لە پەنا ئەوان ئاشووری، کلدانی و کەمە نەتەوەی دیکەی سەر بە ئاییني مەسیحی هەبوون، وشەی هەرمەنی لە گەڵ هەڵگرتنی بارە نەتەوەییەکەی، باری ئایینیشی وەخۆ گرتبوو و لە گەڵ وشەی مەسیحی و پێڕەوانی مەسیحیەت بەرامبەر بوو. لە ناو ململانێی مەزهەبیی سەردەم دا، منداڵانی موکریان ئەو شێعرەیان بە دەمەوە گرتبوو و دەیانگوتەوە کە ئاسەواری تا سەردەمی منالّیی منیش مابوو:

چوومە ماڵی هەرمەنی

قوڵتە قوڵتی سەمەنی

چوومە ماڵی جوولەکە

قوڵتە قوڵتی کوولەکە

چوومە ماڵی موسوڵمان

دەست بە یاسین و قورعان

واتە جوولەکە و هەرمەنی هەر خەریکی خواردنن بەڵام موسوڵمان خەریکی نوێژ و تاعەتە. دەبینین لەو تێکستەدا هەرمەنی نوێنەرایەتیی ئایینێک دەکا کە لە گەڵ جوولەکە (جوو، یەهوودی) و موسوڵمان پێڕەوانی ئایینە سەرەکیەکانی ئەو سەردەمی ناوچەکە پێک دێنن. ئەوەش ئاییني مەسیحیەت، فەلە یان کریستیانی بوو. هەروەها کورد وەک خاوەنی ئەو تێکستە، خۆی بە نوێنەری ئاییني ئیسلام زانیوە. هەر ئەم خۆ بە نوێنەری موسوڵمان

زانینەش دەوری هەبووە لە پشتگیری بۆ عەزیز. واتە پشتیوانی لە عەزیز کە کچە هەرمەنیەکی هێناوە و کچە هەرمەنیش بۆی لە دین وەرگەڕاوە، وەک ئەرکی ئایینی چاو لێ کراوە. وێڕای ئەوە، سروشتییە فاکتەری نەتەوەیی و هاوزمانیش دەوری گرینگی هەبووە. لە پاڵ ئەم فاکتەرانەش دا، بەدوور نییە لە زەینی ناخوداگای خەڵکدا جۆرێک وێکچواندن لە نێوان خۆشەویستیی عەزیزی کورد بۆ کچە هەرمەنی لە گەڵ چیرۆکی ئەویندارییی "فەرهادی کۆکەن" بۆ "شیرینی ئەرمەن" زیندوو بووبێتەوەو هەوڵ بدەن رەنج بە خەسارییی فەرهادیش بۆ عەزیز قەرەبوو بکەنەوە یان نەهێڵن عەزیز وەک فەرهاد رەنج بە خەسار بێ. چیرۆکی شیرین و فەرهاد ئەگەرچی بە زاراوەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان هۆنراوەتەوە بەڵام ئەمن گەلێک جار تاک بەیت و چەند بەیتیم لە زمان مامەوە بیستوە کە نیشانەی برەوی چیرۆکەکە لە رابردووی موکریان دا بوو:

فەرهاد لە دووری شیرینی ئەرمەن

بێستوونی گۆناش وارانوو تەمەن

**چیرۆکی ڕاکردنی دوو ئەویندار**

دەڵێن "پاشەبەرە و ئابڕووبەرە"، ئەوە بە سەر خاتوو گرینفیلد دا هات. کەیتی تازە پێگەیشتوو دڵی بە عەزیزی ئەحمەد بەگ دۆڕاند کە غەیری ئەوەی لە گوند جیرانیان بوو، هیچ وێکچوون و هاوبەشیەکی بنەماڵەیی، چینایەتی، مەزهەبی، نەتەوەیی و فەرهەنگییان لە نێوان دا نەبوو. کوڕ و کچ حەوت کێویان مابەین بوو و بە خەونیش نەیاندەتوانی لە دۆخێکی ئاسایی دا پێک بگەن. نە پلەی کۆمەڵایەتیان یەک بوو، نە فەرهەنگ و نەریتیان لێک نیزیک بوو و نە دین و ئایینیان یەکی دەگرتەوە. نە ئایین و شەرعی مەسیحی ڕێگای بە کەیت دەدا لە عەزیزی موسوڵمان مارە بکرێ و نە عەزیزی موسوڵمانیش دەیتوانی کەیتی مەسیحی لە خۆی مارە بکا. هاوکات دەسەڵاتی سیاسیش لە پشت بنەماڵەی گرینفیلد

بوو و ڕێگای نەدەدا عەزیز بە بێ ڕەزایەتی بنەماڵەی گرینفیلد، چاو لە چاوی کەیت بکا. بەڵام خۆشەویستی سنوور ناناسێ. هیندەی کوڕە کورد دڵسووتاوی کەیت بوو، کچە هەرمەنی زیاتر دڵی بە عەزیز دابوو. هەردوو بڕیاریان دابوو یا بۆ یەک دەبن یان بۆ گڵ. ئاوری ئەوین گڕی لە بەند و بەستە سیاسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ئایینی و چینایەتیەکانی نێوانیان بەردابوو. هەرچەند نووسەرانی دواتر نووسیویانە کە عەزیز چەند جار خوازبێنیی کەیتی لە گرینفیلدی دایک کردو سەرکەوتوو نەبوو بەڵام هیچکام لە سەرچاوەکان ئەوە پشتراست ناکەنەوە. لە کۆمەڵگای فیئۆدالیی ئەو سەردەمی کوردستان و ئێران دا جێی باوەڕ نییە کە کوڕە ڕەعیەتێک دەخۆی ڕادیبێ خوازبێنیی کچە ئاغاوەتێک بکا یا لە دۆخی ناکۆکیە مەزهەبیەکانی جیهانی ئەو سەردەم دا، کوڕە موسوڵمانە سوننیەک لە ژێر حوکمی دەسەڵاتی شیعەی بەستراوە بە دەسەڵاتی مەسیحیەت دا، دە خۆی ڕادیبێ خوازبێنیی کچە مەسیحیەک بکا. ئەوینی نێوان ئەو دوانە تاکە یەک ڕێگای لە بەردەم بوو کە ئەویش ڕێگای پڕ لە هەڵدێری هەڵگرتن و ڕەدواکەوتن بوو. دوای ئەوەی دایک و کچ زستانێکی دیکەیان لە تەورێز تێپەڕ کرد، بۆ ڕەنێوهێنانی زەوی و زار و هەڵگرتنی خەلەو خەرمان گەڕابوونەوە بۆ سەراو. وێدەچێ دوو گراوی لە دووریی یەکتر زستانێکی سەختیان تێپەڕ کردبێ و دوای دیداری دووبارە، بەڵێنیان بە یەکتر دابێ کە ئیدی نەهێڵن جارێکی دیکە ئاوا لێک هەڵبڕێندرێن. هەر بۆیە ئێوارەی یەکێک لە ڕۆژەکانی بەهاری ساڵی ١٢٧٠ی هەتاوی (١٨٩١ی زایینی)، بە پێی پەیمان و بەڵێنی پێشوو، عەزیز بە یارمەتی چەند دەستەبرای، بە دوور لە چاوی دایک و کوێخا و گزیر و نۆکەری ماڵی ئاغا، کەیتی کچە ئاغای لە پاشتەرکی ئەسپەکەی سوار کرد و لە دێ وەدەرکەوتن. شیکاگۆ تریبون کە بە لاگری لە بنەماڵەی گرینفیلد و بە مەبەستی تاوانبار کردنی عەزیز ڕاپۆرتی نووسیوە، هەڵگیرانی کەیت ئاوا دەگێڕێتەوە: "(عەزیز) لەو کاتەدا کە دایکی (کەیت) لە ماڵ نابێ، "کەیت" ڕازی دەکا کە لە گەڵی بچێ بۆ پیاسە. (بە پیاسە) گەیشتنە قەراخ جۆگەلەیەک و لەو کاتەدا دەستەیەک سوار گەیشتنە سەریان و ڕفاندیانن".

رۆژنامەی ئیعتمادولسەڵتەنەش لەم بارەوە نووسیویەتی:" گەنجێکی مل ئەستور و سوننەمەزهەب کچە فریو دەداو بە یەکەوە بۆ ناو خاکی عوسمانی ڕادەکەن تا لەوێ بیکا بە موسوڵمان و ژیانی هاوبەشی لە گەڵ پێک بێنێ".

یەکەم کاری عەزیز دەبوو دۆزینەوەی مەلایەک بێ کە بتوانێ و بوێرێ کەیتی لێ مارە بکا. بۆ ئەوەی ئەو دوانە لێک مارە بکرێن، کۆمەڵگای وشکە موسوڵمانی سەردەم، لە کەیتی بە ئایین مەسیحی یان هەرمەنی دەخواست کە بچێتە سەر دینی عەزیز و موسوڵمان بێ. کچ و کوڕ دەبێ هەردووکیان موسوڵمان بن تا بە پێی شەرعی ئیسلام لێک مارە بکرێن. لە دۆخی سیاسیی سەردەم دا سروشتیيە ئەگەر هەموو مەلا و قازیەک لە ترسی دەسەڵاتی شیعەی ژێر نفووزی ئینگلیس، نەیوێرابێ لێکیان مارە بکا. دوو گراوی ڕەنگە لەم پێناوەدا گوند بە گوند گەڕابن تا سەرەنجام مەلایەکی بە نفووزی وەک مەلا عەبدوڵای پیرەباب لە وەتەمیش یان قازییەکی ئازای وەک میرزا فەتاح لە سابڵاغ، بدۆزنەوە. شایەدیش مەلایەکی بوودەڵە ترسەکەی بۆ ئەم "شانازیە مەزهەبیە" فرێ دابێ. ئاخر کەیت کە لە پێناو خۆشەویستەکەیدا، پشتی لە هەموو ناز و نیعمەتی ماڵی باوانی کردبوو، خۆی بۆ ئەوەش ئامادە کردبوو کە دینی عەزیز بپەژرێنێ. بەو پێیەش موسوڵمان بوونی هەرمەنیەک لە سەر دەستی هەر مەلایەکی خاوەن بڕوا، دەسکەوتێکی مەزنی ئایینی بوو کە مەلا لە هەموو تەمەنە مەزهەبیەکەی دا ڕەنگە جارێک شتێکی ئاوای بۆ هەڵکەوێ. مەلای ئازا و دەمارگرژ نەیویستوە ئەم خێرە مەزنە لە کیس خۆی بدا و ئەم وەسڵەتەی بە سەرکەوتنی ئیسلام بە سەر کوفردا زانیوە. لە ئێمە روون نییە کە کام مەلا بوو ئەو "بەهەشتەی بۆ خۆی کڕی" بەڵام هەرچۆنێ بووبێ، سەرەنجام کەیت دینی عەزیزی قەبوڵ کرد و بە پێی قسەی ئیعتمادولسەڵتەنە ناوی "فاتیمە"ی لە سەر دانرا و بوو بە هاوسەری عەزیز. سەبارەت بە ناوی دوای موسوڵمان بوونی کەیت، رۆژنامەی "شیگاکۆ تریبون" ئاماژە بەوە دەکا کە

ناوی "گوڵیزار"ی بۆ هەڵبژێردراوە بەڵام زۆر لە دوای ئەمە نەچووەو تەنیا یەک جار ئاماژەی پێ کردوە. سەرچاوە ئینگلیزیەکانی دیکەش ئاماژەیان بەو گۆڕانی ناو نەکردوە.

هەڵگیرانی کەیتی کچە هەرمەنی و مارەکرانی لە عەزیزی کوڕە کوردی موسوڵمان، زۆر زوو لە باسی ئەویندارییی نێوان دوو دڵدار واوەتر چوو. لە سابڵاخ موسوڵمان بوونی کچە مەسیحیەک لە پێک گەیشتنی دوو ئەویندار گرینگتر و بۆ پیاوانی ئایینی و بەو پێیەش بۆ رەشایی خەڵک دەسکەوتێکی گەورەی مەزهەبی بوو. لە تەورێز و ئازەربایجان ئەمە بە دەستدرێژی بۆ سەر دەوڵەت حیساب کرا و لە بریتانیاش وا بڵاو کرایەوە کە "کەیت گرینفیلد، کیژێکی ئینگلیسی، لە ماڵی دایکی لە تەورێز، بە زۆر لە لایەن کوردێکەوە رفێندرا." (ویکیسۆورس)

## کێشەی ئایینی و گرەوگان گیری

دوای ڕاکردنی کەیت و عەزیز، یای گرینفیلدی دایک، تا درەنگانێک چاوەڕوانی هاتنەوەی کچەکەی بوو بەڵام چ خەبەری نەبوو. رۆژنامەی "نیویورک سان" بەو جۆرە باس لە چاوەڕوانیی بنەماڵەو پاشان سۆراغ گرتنی کەیت دەکا: دایک لە سەرو سۆراغی (کچەکەی) پرسی بەڵام هیچ زانیاریەکی لە ئەندامانی بنەماڵە دەست نەکەوت. بە نیگەرانیەوە تا نیوەشەو چاوەڕوانی کچەکەی مایەوە. کاتێک هەستی کرد یاریەکی قرێژی لە گەڵ دەکرێ، چەند سواری بۆ دۆزینەوەی کچەکەی راسپارد. سبەی سوارەکان بە دەستی بەتاڵ و بێ هیچ خەبەرێکی خۆش لە پێوشوێنی کچەکە، گەڕانەوە. دوای ئەوە بوو کە جێنشینی حاکم لە ناوچەکەی لەم بارەوە ئاگادار کردەوە. ئەویش کە نوێنەری ئەمیر نیزامە، تێلگرافی بۆ کۆنسولی بریتانیا لە تەورێز نارد و هەروەها بۆ ئەمیر نیزامیش. ئەمیر نیزام مەئمووری ناردو جێگری خۆی لە سابڵاخ راسپارد تا بێ دواکەوتن، کچەکە بدۆزنەوەو هەموو ئەوانەی دەستیان لەو کردەوە قێزەونەدا هەیە، رەوانەی تەورێزیان بکا... دایکەکە کە هەروا نیگەران بوو، بێکار دانەنیشت. چوو بۆ تەورێز، لە گەڵ کۆنسولی بریتانیا قسەی کرد، تێلگرافی بۆ

باڵوێزی بریتانیا لە تاران نارد. هەروەها تێلگرافی بۆ لۆرد سالیسبوری لە لەندەنیش نارد و (ئەو جار) دەست بە دوعا چاوەڕوانی یەکلایی بوونەوەی دۆخی کچەکەی مایەوە".

ئەم وەسڵەتە لە سەردەمێک دا کرا کە دوو جیهانی ئیسلام و مەسیحیەت لە بەرامبەر یەک دا بوون. کلیسا بە هەزاران میسیۆنێری رۆژئاوایی رەوانەی وڵاتانی ئیسلامی کردبوو تا خەڵک لە ئیسلام هەڵگەڕێننەوەو بەرەو مەسیحیەت رایانکێشن. هاوکات دەسەڵاتی خەڵیفەی عوسمانی کە خۆی بە جێنشینی پێغەمبەر دەزانی، خەریکی قەڵت و بڕی ئەرمەنیە بە ئایین مەسیحیەکان بوو. لە لایەکی دیکەش دیاردەی هەڵگرتن و ڕەدوا کەوتنی کچ و کوڕ بۆ وڵاتانی رۆژئاوایی نەریتێکی نامۆ و ناباو بوو. هەر بۆیە کارەکەی عەزیز وەک بە بارمتە گرتن و وەک "رفاندنی کچێکی ئینگلیسی لە لایەن کوڕێکی کورد" یان "دەستدرێژیی کوڕێکی موسوڵمان بۆ سەر کچێکی مەسیحی" لە رۆژنامەکانی رۆژئاوا و لەوانە لە "شیکاگۆ تریبون" دا دەنگی دایەوە.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە، "لە لەندەنەوە فەرمان بۆ باڵیۆزی بریتانیا هات کە بە توندی گوشار بخاتە سەر حکومەتی ئێران تا بە خێرایی رفێنەری کچەکە رادەست بکرێ".

شیکاگۆ تریبوون ئیدیعا دەکا کە "عەزیز وەک موسوڵمانێک و وەک کوردێک بە مافی ڕەوای خۆی زانیوە کچێکی مەسیحی بڕفێنێ و دەستی بۆ درێژ کا". روانین لە دەلاقەی ناکۆکیە مەزهەبیەکانەوە تەنانەت ئیعتمادولسەڵتەنەی شیعە مەزهەبیشی گرتوەتەوە و لە راپۆرتەکەی دا چەند جار ناراستەوخۆ تۆمەت خراوەتە پاڵ عەزیزی سوننە مەزهەب کە بە مەبەستی موسوڵمان کردن، کەیتی کچە مەسیحی فریو داوە. ئەوەش لە زمان وەزیری راگەیاندنی دەرباری قاجاڕەوە دەتوانێ روانگەی دەسەڵاتی تاران بۆ ئەو ڕووداوە بێ.

حکومەتی تاران کە تەواو گوێڕایەڵی ئینگلیس بوو، دژ بە عەزیز و بۆ "رزگار کردنی" کەیت، بە توندی کەوتە خۆ. ئەمنیە و پیاوانی دەوڵەت وەک چاوێشە بە دوای عەزیز و فاتم دا شار و دێهاتان دەگەڕان. کچ و کوڕ ناچار بوون گوند بە گوند و چیا بە چیا ڕابکەن و خۆیان لە بەر چاوان ون بکەن. خەڵکیش بە هۆکاری جۆراوجۆر یارمەتیان دەدان و دەیانشاردنەوە. ئەگەر هێندێک کەس بە پێی راوێژی زاری مەلا و دەمارگرژانی مەزهەبی ئەم وەسڵەتەیان بە سەرکەوتنی ئیسلام بە سەر کوفر دا زانیبێ، داڵدەدانی ئەویندارران، بۆ زۆربەی خەڵکی کورد، لە دێرزەمانەوە داڵدەی لێقەوماوانە و نەریتێکی کوردانەیە. بەڵام کچ و کوڕ بە هۆی پەرەگرتنی کێشەکەیان و لە ترسی چەکدارانی دەوڵەت ناچار بوون لەم گوند بۆ ئەو گوند و لەو ناوچە بۆ ئەو ناوچە هەڵێن و خۆیان بشارنەوە. شایەدیش لە دۆخی ئاڵۆزی مەزهەبیی سەردەم دا، مەلا و پێشەوایانی ئایینی لە کوردستان، ئەوانیان وەک دیاریەک راستەوخۆ دە کۆشی بابی عالی هاویشت. هەرچۆنێ بووبێ، کچ و کوڕ ئاودیوی دیوی گەرمێنی کوردستان بوون کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دا بوو و پێیان وا بوو لەوێ ئاڵای ئیسلام هەڵکراوەو بەم جۆرە وەک حەیرانبێژی کورد دەڵێ "خۆیان هاویشتە بن ئاڵاکەی دە ئیسلامێ"!

دوای پەنابردنی کەیت و عەزیز بۆ لای دەسەڵاتی عوسمانی، با هەڵوێست و جموجۆڵی قاجار و ئینگلیس لە زمان رۆژنامەی شیکاگۆ تریبون بخوێنینەوە:

" وڵام بۆ ئەمیر نیزام هاتەوە کە رفێنەران چوونەتە ناو کوردستانی تورکان و کچەکە براوەتە ناو خاکی عوسمانی. هەرێمێک کە جێگری حاکم هیچ دەسەڵاتێکی بە سەریەوە نییە." "دەوڵەتی شا وڵامی (بۆ دەوڵەتی ئینگلستان) نارد کە خوازیار و ئامادەیە خواستی دەوڵەتی ئینگلستان جێبەجێ بکا بەڵام شا لەو ناوچەیە دەسەڵاتی تەواوی نییەو تاوانکاران لە دەسەڵاتی ئێران چوونە دەر و خۆیان کردوە بە بابەت و کێشەی دەوڵەتی تورک. هەر

بۆیەش یەکلایی کردنەوەی کێشەکە پێوەندی بە رادەی هاوکاریی دەسەڵاتی سوڵتانەوە هەیە. لەو حاڵ و وەزعەدا، دەبێ سوڵتان رازی بێ خەتاکارانی ناو حکومەتی شا رادەست بکاتەوە".

وەک رۆژنامەی "لەندەن تێلگراف" لە سەرەتاوە پێشبینی کردبوو کە "رەنگە ئەم چیرۆکی دڵداریە ببێ بە کێشەیەکی نێونەتەوەیی، چونکە گراویی یای گرینفیلد، ئەوی رفاندوەو بە یەخسیری گرتوە"، کێشەکە لە پرسێکی کۆمەڵایەتیەوە بوو بە کێشەیەکی ئایینی ئەویش لە جۆرە نێونەتەوەییەکەی. ئینگلیسی‌یەکان کە ئاگاداری دیاردەو کەلتوری ژن هەڵگرتن و رەدواکەوتن لە ناو کورداندا نەبوون، رووداوەکەیان وەک بە گرەوگان گرتن و رفاندنی هاوڵاتیەکی ئینگلیس سەیر دەکرد. پێیان وا بوو دەسەڵاتی تورکی عوسمانی دەستی لەو کردەوەیەدا هەیە. بە تایبەت کە دەیانزانی هەڵسوکەوتی بابی عالی و سوڵتان عەبدولحەمید لە گەڵ ئەرمەنیەکانی ئەو وڵاتە چەندە خراپە. ساڵێک بەر لەو رووداوە، بە هێرش بۆ سەر کلیسایەکی ئەرزەرۆم و کوشتنی بیست کەس و بریندارکردنی سێسەد کەس لە هەرمەنیەکانی ئەو وڵاتە، چەخماخەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنیەکان لێدرابوو. هاودینی، لاگری و سۆزی کوردەکان بۆ سوڵتانی عوسمانی و ئاکارەکانی، هیندەی دیکە رووداوی هەڵگیرانی کچە هەرمەنی ئاڵۆز و دنیای مەسیحیەتی لەو کارەی عەزیز و کەیت دڕدۆنگ کردبوو.

لەو لاوەش ئینگلیسی‌یەکان لە ناوخۆی ئێران دا، لە گەڵ دژایەتیی بەرینی مەلا شیعەکانی ئێرانێ بەرەوڕوو ببوونەوەو کێشەی "رێژی" و سەرهەڵدان دژ بە رێککەوتنی توتن لە گەڵ ئینگلیسەکان، شارە گەورەکانی ئێرانی تەنیبوو. مەلاکان نەیاندەویست تووتن بە ئینگلیسی‌یەکان بفرۆشرێ. لەو لاوەش رووسەکان کڕیاری سەرەکیی تووتنی کوردستان و موکریان بوون. رەنگە ئینگلیسی‌یەکان لەوە دڕدۆنگ بووبن کە رفاندنی ئەم کچە ئینگلیسی‌یە بەشێک بێ لەو بزووتنەوەیەی کە لە تاران بە دژیان وەرێخرابوو یان پیلانی رووسەکان بێ و بۆ ئەوەی ئینگلیسی‌یەکان لە کوردستان و تووتنەکەی دوور بخەنەوە.

ئەوانەش رەنگە هیندەی دیکە دەوڵەتی ئینگلیسی‌یان لە "رفاندنی کچێکی ئینگلیسی لە لایەن کوڕێکی موسوڵمانی ئێرانی"، دڕدۆنگ کردبێ.

بە پێی بەڵگەنامەکانی پارلمانی بریتانیا، هەواڵەکە بۆ یەکەم جار لە "دەیلی نیوز"ی بریتانیادا بڵاو کرایەوەو سێر جیمز فێرگۆسۆن، جێگری وەزیری دەرەوەی ئینگلیس لە ٢٣ی ژوئەنی ١٨٩١ (٢ی پووشپەڕی ١٢٧٠ی هەتاوی) تێلگرافێکی بە پەلەی بۆ "پیکسۆن"ی نوێنەری وڵاتەکەی لە تەورێز نارد و داوای روونکردنەوەی لێ کرد:

*ئاغای پیکسۆن!*

*تکایە سەبارەت بەو هەواڵانەی کە لە دەیلی نیوزدا بڵاو کراوەتەوەو دەڵێ کچێکی ئینگلیسی لە لایەن کوردەکانی بەری تورکان دەستبەسەر کراوە و ئێستا لە ماڵێکدا دەستبەسەرە و لە لایەن سەد پیاوەوە دەوری دراوە، زانیاری چیە؟*

پیکسۆن وێدەچێ هەوڵی دابێ دەوڵەتەکەی خاو بکاتەوەو نەهێڵێ ئەم رووداوە هێندە گەورە بێتەوە کە گرژیی نێوان بریتانیا لە گەڵ دەسەڵاتی عوسمانی لێ بکەوێتەوە. بەم جۆرە وڵامی دایەوە؛

*بەڕێز سێر جیمز فێرگوسۆن!*

*بۆ من دەست نادا کە هەواڵی رۆژانەی دەیلی نیوز بخوێنمەوە بەڵام دەزانم کە کچێکی ئینگلیسی لە لایەن کوردەکان لە سنووری ئێران دەستبەسەرە و رێوشوێنی پێویست بۆ ئازادیی ئەو گیراوەتەبەر.*

چوار رۆژ دواتر "سێر جیمز فێرگۆسۆن" داوای دوا زانیاریەکانی لە کۆنسولی ئینگلیس لە تەورێز کرد و پیکسۆنیش ئاوای وڵام دایەوە:

*"بە سەرنجدان بە دوا راسپاردەکانی ئێوە، دەوڵەتی فارس چەک و چەکدارێکی زۆری رەوانەی سابڵاخ کردوە تا کچەکە ئازاد بکەن. چونکە رفێنەران خۆیان کردووە بە کێشەی دەوڵەتی عوسمانی. دەوڵەتی فارس گەرەکیەتی بەر لەوە کە هێز بە کار بێنێ، دەوڵەتی تورک (بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە) رازی بکا. باڵیۆزی ئەعلاحەزرەت لە کۆنستانتین پۆل (ئەستەمبوڵ) بە دەستپاکیەوە خواستی دەوڵەتی پارسی بە بابی عالی گەیاندوە."*

بەم جۆرە هەردوو وڵاتی ئینگلیس و ئێران داوایان لە "بابی عالی" کرد تا عەزیز و کەیت رادەستی ئێران بکاتەوە. بەڵام وەک دیارە بابی عالی خۆی لە جێبەجێ کردنی داواکەیان گنخاندوە. ئەمەش وای کرد کە بەرەبەرە داوا ببێ بە گوشار و گوشار ببێ بە هەڕەشە. شیکاگۆ تریبون لەم بارەوە و لە زمان سەرچاوەکانی خۆیەوە نووسی: "لە تارانی پێتەختی ئێرانەوە هەواڵ بۆ ئەستەموڵ ناردراوە کە شا لەشکرێکی بە هێزی دە هەزار کەسی رەوانەی سابڵاخی کوردستانی فارس کردوە تا بۆ دۆزینەوەی تاوانباران ئەوەی لە دەستیان دێ ئەنجامی بدەن و بۆ سزادانی هەموو ئەو لایەنانەی دەستیان لەو رفاندنەدا هەیە، ئەگەر پێویست بکا تەنانەت بچنە ناو خاکی تورکانەوە".

ئەوە کە ئاخۆ دەسەڵاتی عوسمانی بە ئانقەست خۆی لە رادەستکردنەوەی فاتم و عەزیز بوارد یان کوڕ و کچ لە لایەن کوردەکانی گەرمێن داڵدە درابوون و بە تەواوی لە دەسەڵاتی کاربەدەستانی دەوڵەت دا نەبوون تا رادەستیان بکاتەوە، روون نییە. بەڵام کێشەکە باری ئایینی بە خۆوە گرتبووو وەک قامکی سەر پەلاپیتکە بۆ لێدان و لێنەدانی شەڕێکی دیکەی

سەلیبی لێ هاتبوو. رادەستکردنەوەی کەیت، کە ئێستا ببوو بە "فاتم"، بۆ دەسەڵاتی عوسمانی کە خۆی بە نوێنەری موسوڵمانان(ی سوننە مەزهەب) لە حاند شیعەی ئێران و دنیای مەسیحیەتی بە ڕێبەری بریتانیا، دەزانی، ئاسان نەبوو. "بابی عالی کەوتبووە دۆخێکی ئاستەم و دژوارەوە. دەبوو یا خۆ لە بەر مەترسیی هێرشی بریتانیا ڕابگرێ یان لێ گەڕێ شا، کاری خۆی بکا." رۆژنامەکانی ئەمریکا لە راپۆرتەکانیان دا زۆر بە هێزەکەی ئەمیرنیزام خوڕیون. شیکاگۆ تریبون نووسیویەتی: "لە نێوان ئەو دوانەدا، دووهەمیان بۆ سوڵتان باشتر بوو. چونکە دەسوەردانی ئێران زۆر بە گران لە سەر ئەو وڵاتە دەکەوت. ئەمیر نیزام خاوەنی لەشکرێکی بە هێزی دە هەزار کەسی‌یە." شیکاگۆ تریبون هەروەها دەڵێ "دەرباری عوسمانی نەیدەویست رۆحی کوردەکان بریندار بکا چونکە سوودی لەو کێشەیە وەردەگرت".

لە ژێر ئەم هەڕەشەو گوشارانەدا، دەسەڵاتی عوسمانی دوا جار ناچار بوو کارێک بکا کە نە شیش بسووتێ و نە کەباب. نە کەیت و عەزیز راستەوخۆ رادەستی ئینگلیس و قاجار بکاتەوە کە بەو هۆیە خۆی تووشی نفرەت و دڕدۆنگی کوردەکان و موسوڵمانان بکاو نە تاقەتی ئەوەشی هەبوو لە بەرامبەر گوشاری دوو دەسەڵاتی قاجار و بریتانیا دا خۆ رابگرێ. هەر بۆیە بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکە، رێککەوتن کە دوو گراوی بۆ شابەندەرخانەی عوسمانی لە سابڵاخ بگەڕێندرێنەوە. "شیکاگۆ تریبون" لە راپۆرتەکەیدا گەڕاندنەوەی کەیت و عەزیز لە خاکی تورکانەوە بۆ سابڵاخ و شابەندەرخانەی تورکان لەو شارە، بە گوشاری ئەمیرنیزام بۆ سەر سەرۆک هۆزە کوردەکان دەزانێ و دەڵێ: "بەڵام ئەمیر نیزام زۆر باش دەیزانی کە رفێنەر، کوڕە بەدناوەکەی ئەحمەد بەگە. بە ئاماژەیەکی ئێرانی، لە هەموو سەرۆکە کوردەکانی راسپارد کە یا بێن بۆ تەورێز یان دەبێ کچە ونبووەکە بدۆزنەوە." هەر ئەو سەرچاوەیە دەڵێ: "سەرۆک هۆزە کوردەکان بەو راسپاردەیە نیگەران بوون. دەیانزانی ئەمیر نیزام چەندە دڵڕەق و قینهەڵگرە. هەر بۆیە

کۆبوونەوەو تەگبیریان لێ کرد. سەرەنجام راپۆرتیان نارد کە بەڵێ هەڵگرتن هەبووە بەڵام بە دوور لە خواستی کچەکە نەبووە، ئەو بۆخۆی مەزهەبی ئیسلامی قەبوڵ کردوەو مێردی بە موسوڵمانێک کردوە. بۆ سەلماندنی ئەوەش کچە رازی دەکەین کە لە کوردستانی تورکانەوە بێتە کۆنسولخانەی تورکان لە سابڵاخ".

وا دیارە گەڕاندنەوەی عەزیز و کەیت بە پێی رێککەوتن لە نێوان سەرۆک هۆزە کوردەکان، کاربەدەستانی کۆنسولخانەی ئینگلیس لە تەورێز، شابەندەرەکانی عوسمانی لە تەورێز و سابڵاخ لە گەڵ کاربەدەستانی قاجار لە ناوچەکە بووە. ئامانج لە گەڕاندنەوەش، جێگیر کردنی ئەوان لە شابەندەرخانەی عوسمانی لە سابڵاخ بووە تا لەوێ کێشەکە بە شێنەیی چارەسەر بکەن.

گێڕانەوەی ئیعتمادوسەڵتەنە لەم بارەوە جیاوازی تێدایەو دەڵێ دوای ئەوەی کچ و کوڕ لە لایەن عوسمانیەوە گەڕێندرانەوە سابڵاخ، جارێکی دیکە پەنایان بۆ شابەندەرخانە برد: "دەوڵەتی ئینگلیس لە رێی دیپلۆماسیەوە تکای لە عوسمانیەکان کرد کچە لە کوڕە وەربگرنەوە و رادەستی ئەوانی بکەن. عوسمانییەکان بۆ ئەوەی نەکەونە بەر توک و نفرینی پیاوانی ئایینی، کارێکی وا دەکەن کچە بگەڕێتەوە سابڵاخی موکری لە خاکی ئێران."

شیکاگۆ تریبوونیش ئاماژەی بە سازانی دەوڵەتەکانی ئینگلیس و عوسمانی بۆ گەڕاندنەوەی کەیت و عەزیز کردوەو نووسیویەتی: "ئەم وڵامە لە سالسبورگەوە بە تێلگراف و لە وەختی خۆیدا لە لایەن سیر ویلیام وایت، باڵیۆزی بریتانیا لە ئەستەمول بۆ مارکوز ناردرا کە سوڵتان داواکەی ئێمەی پەژراندووە و لەم بارەوە بە خێرایی هاوکاریمان دەکا." هەروەها ئاماژەی بە سایەی نیگەرانیی دەسەڵاتی عوسمانی بە سەر ئەم رێککەوتنەدا کردوەو نووسیویەتی: "دەرباری عوسمانی تا رادەیەک لەوە (گەڕاندنەوەی کەیت و عەزیز) دڕدۆنگ بوو چونکە نەیدەویست رۆحی کوردەکان بریندار بکا کە سوودی لەو کێشەیە وەردەگرت.

له سەر ئەم بنەمایە سێر ویلیام بەڵێنی دا کە هەر خەسارێک قەرەبوو دەکرێتەوەو بە ئەسپایی و شێنەیی کارەکان ئەنجام دەدرێن."

بەلام ئیعتمادوسەڵتەنە پەنابردنی ئەو دوو لاوە بۆ شابەندەرخانەی عوسمانی وەک بەشێک لە رێککەوتنی لایەنەکان و رێوشوێنی گەڕاندنەوەی ئەوان بۆ ناو خاکی ئێران باس ناکا. وا دەگەیەنێ کە ئەوان دوای دیپۆرت کرانەوەیان بۆ دیوی ئێران، پەنایان بۆ شابەندەرخانەی عوسمانی لە سابلاخ بردووەو دەڵێ: لاوە کوردەکە و کچە ئینگلیسیەکە دەوڵەتی عوسمانی لە بواری ئایینی ئیسلامدا بە دەمارگرژتر دەزانن و هەر بۆیە پەنا دەبەنە بەر شابەندەرخانەی عوسمانییەکان."

بەڵگەنامەکانی رۆژئاوا ئەو قسانەی ئیعتمادولسەڵتەنە رەد دەکەنەوەو ئاماژە دەکەن کە گەڕاندنەوەی ئەو دوانە بۆ شابەندەرخانەی عوسمانی لە سابلاخ بووە. ئاغای "بوچانان" نوێنەری بازنەی هەڵبژاردنی "ئێدینبورگی رۆژئاوا" لە مەجلیسی بریتانیا کە بە شوێن دەرەنجامی ئەو رووداوەوە بوو، رۆژی ٢٦ی ژوئەنی ١٩٨١ و لە وەلامی نامەیەکی جیمز فێرگوسۆن، پارلمانی ئەو وڵاتەی ئاگادار کردەوە کە: "باڵیۆزی بریتانیا لە تەورێز لێکۆڵەری رەوانەی سابلاخ کردوە بۆ بە دواداچوونی کەیسی ئەو کچە ئینگلیسیەی لە لایەن کوردێکی پارس(ئێران) رفێندراو بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی تورکان بردرا. تورکەکان یارمەتیان کردو کچەکە بۆ کۆنسولخانەی تورک لە سابلاخ گەڕێندراوەتەوە. کۆنسولی کاتی رایگەیاندوە کە ئەو لە لایەن پارێزەرێکی پارس (ئێرانی) کە شا دیاری کردوەو هەروەها لە لایەن سەرکۆنسولی تورک لە تەورێز پارێزگاری لێ دەکرێ".

گەڕاندنەوەی عەزیز و فاتمە بۆ سابلاخ هەر لە سەرەتاوە کوردەکانی موکریان بە تایبەت دانیشتوانی سابلاخی لە چارەنووسی ئەوان نیگەران کرد. لەوەش زیاتر حەشیمەتی

موسوڵمانی سەبارەت بە هەلاییسانی شەڕێکی مەزهەبی هەستیار کرد. بە پێی راپۆرتەکەی "نیویۆرک سان"، موسوڵمانان هەر جۆرە خراپەیەک لە گەڵ عەزیز و بە تایبەت لە گەڵ کەیتیان بە دەستدرێژی بۆ سەر ئیسلام چاو لێ دەکرد و ئەوەشیان بە دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی شەڕێکی پیرۆز دەزانی". ئیعتمادولسەڵتەنەش دەڵێ: "نزیکەی سەت کەس لە خەڵکی سوننەی سابڵاخ بۆ پاراستنی کچە هەرمەنی و لاوە کوردەکە، چەک هەڵدەگرن و لەدەوری بینای شابەندەرخانەی عوسمانی کێشک دەکێشن."

"هەواڵەکانی پێوەندیدار بەو رووداوە لە سەرانسەری سابڵاخ و هەروەها لە ناو کوردانی سوننەدا وەک هەورەتریشقە بڵاو بۆوە. سوار و پیادە خۆیان گەیاندە کۆنسولخانە و داوایان کرد لە سەر ناوی سوڵتان، واتە خەلیفەی موسوڵمانان، مصونیت (مافی پارێزراوی) بەو کوڕ و کچە بدرێ. تۆما ئەفەندی کە کۆنسولی تورک و خۆی مەسیحیەکی سوریاییە، بە تێلگرافێک بۆ سەرۆکەکەی، بێهجەت بەگ سەرکۆنسولی تورک لە تەورێز، داوای دەستووری کاری لێ کرد. بێهجەت بەگ تێلگرافی بۆ کردەوە و پێی راگەیاند کە کچەکە دەبی لە هەموو مەترسیەک بپارێزرێ. کاتێک ئەم دەستووری کارە راگەیەندرا، خەڵکەکە داوایان لە شابەندەر کرد سوێندیان بۆ بخوا کە تۆڵەیان لێ ناکرێتەوە. کۆنسول وتی: "مەلعوون و گاور دەبێ بزانن کە من زیاتر ئاگام لە هاودینانی خۆم دەبێ تا ئێوەی وەفادار بە سوڵتان ئەگەر لە سەر ئەوە لەت لەتم بکەن.(شیکاگۆ تریبوون)"

ئیعتمادوسەڵتەنە باس لەوە دەکا کە کوردەکان دەیانویست شابەندەری تورک بکوژن و نووسەرانی دواتریش لەم بارەوە بۆیان لەدوو داوە بەلام هیچیان ئاماژەیان بە هۆکاری توورەبوونی خەڵک لە تۆمای ئەفەندی نەکردوە. لێ راپۆرتەکەی شیکاگۆ تریبون ئەوەمان بۆمان روون دەکاتەوە؛ شابەندەری تورک لە سابڵاخ کە خۆی مەسیحی بوو، لە قسەکانی دا هاوکات کە ناراستەوخۆ جەختی لە سەر بە مەسیحی مانەوەی فاتمە (کەیت) کردوە، جۆرێک تەوهین بە خەڵکە ناڕازیەکەش دەکا و ئەوان بە گاور و مەلعوون لە قەڵەم دەدا. ئەوەش بۆ خەڵکی وشکەموسوڵمانی ئەو سەردەم و تەنانەت ئێستاش، جنێو و تۆمەتێکی

قورسە. خەڵکی تووڕە بە قەستی کوشتن هەڵیانکوتایە سەر شابەندەر بەڵام "تۆما ئەفەندی" پەنای بۆ مەحکەمەی شار و بۆ لای عەلینەقی خانی سەرتیپ برد. "حاکم بەرپەرچی هێرشبەرانی دایەوەو پاشەکشەی بە خەڵک کرد ."

روون نییە کە چەند جار پێکدادان لە نێوان خەڵکی ناڕازیی و چەکداری دەوری شابەندەرخانە لە گەڵ هێزی چەکداری دەسەڵات هاتە ئاراوە. بە قسەی ئیعتمادوسەڵتەنە، "نزیکەی سەت کەس لە خەڵکی سوننە مەزهەبی سابڵاغ بۆ پاراستنی کچە ئەرمەنی و کوڕە کوردەکە چەک هەڵدەگرن و لەدەوروبەری بینای شابەندەرخانەی عوسمانی کێشک دەکێشن. تەنانەت لە شەڕدا ٢یا ٣ کەسیشیان لێ دەکوژرێ." هەروەها باس دەکا کە ژنێکی دووگیانیش لە تەقە و لێکدانی نێوان خەڵک و هێزی چەکداری دەسەڵات دا کوژراوە.

سابڵاخ بە درێژایی هاوینی ١٨٩١ لە نیگەرانیی چارەنووسی ئەو دوو لاوە ئەویندارەدا ئاڵۆز و پشێو بوو. خەڵک رۆژانە لەبەردەم بینای شابەندەرخانەدا کۆدەبوونەوەو باڵەخانە بەردەوام بە دەستەیەکی سەد کەسی لە پیاوانی چەک بە دەستی شار دەورە درابوو. لەو لاوەش حکومەت هێزێکی زۆری چەکداری لە شارەکە خزاندبوو بەڵام خەڵک کۆڵیان نەدەدا. کاربەدەستانی پلەبەرزی هەر سێ دەسەڵاتی ئینگلیس، قاجاڕ و عوسمانیش بەردەوام لە هاتوچۆ دا بوون. دەسەڵاتی تاران و ئەستەموڵ لە بەر تووڕەیی و لە سەر پێ بوونی خەڵک، نەیاندەتوانی هیچ کارێک بکەن. عەلینەقی خانی سەرتیپ و بێهجەت ئەفەندی هەوڵی زۆریان دا بە قسە کردن و ئامۆژگاری و هەڕەشە خەڵکەکە رازی بکەن تا بچنەوەماڵی خۆیان و کچەکە رادەستی دەوڵەتی ئینگلیس بکرێ بەڵام خەڵک پاشەکشەیان نەکرد .

نووسەرانی راپۆرتی رۆژنامە ئینگلیسی‌یەکان رەنگە بە هۆی دەمارگرژی، باسیان لە چۆنیەتی کۆتایی هاتنی کێشەکە نەکردووەو لەوە بە دوا بەسەرهاتەکە لەدوو نادەن. بەڵام

"ویکیسۆورس"ی ئینگلیسی سەبارەت بەم کەیسە نووسیویەتی: ڕووداوێک لە هاوینی ساڵی ١٨٩١ دا ئاڵۆزی و پشێویەکی زۆری نایەوە. کەیت گرینفیلد، کیژێکی ئینگلیسی لە ماڵی دایکی لە تەورێز، بە زۆر لە لایەن کوردێکەوە رفێندرابوو. بەرپرسانی ئینگلیسی داوایان لە دەوڵەتی ئێران کرد کە کچەکە بگەڕێننەوە. کوردەکەو دەوڵەتی تورکیش ئامادە نەبوون کچەکە تەسلیم بکەن بەڵام گەڕاندیاننەوە بۆ سابلاغ و زۆر بە توندی چاوەدێریان دەکرد. ئەم کردەوەیە خەریک بوو کێشەی زۆر گەورەی لێ بکەوێتەوە بەڵام دوا جار وتووێژێک لە نێوان کچەکە و نوێنەری بریتانیا ڕێکخرا و کچەکە ئاشکرای کرد کە ئەو بە دڵخوازی خۆی دایکی و ماڵی دایکی بە جێ هێشتوە. بەوەش کێشەکە چارەسەر کرا. هەروەها روون بۆوە کە ئەو کچی پارێزراوێکی بریتانیاییە کە ناسناوی مەجاریی گرینفیلدی هەبووەو چەند ساڵ پێشتر مردوە. خانمە ئەمریکاییەکە لە تەورێز بوو".

ئیعتمادوسەڵتەنە وەک بەرپرسێکی دەوڵەتی قاجار، یەکلایی کردنەوەی کێشەکە بە دەرەنجامی هەڕەشەی سەربازی و شکستی خەڵک و بڵاوە پێ کردنیان دەزانێ و دەڵێ: لە سەر بڕیاری دەوڵەتی ئێران، ئەمیرنیزام، شازادە نوسرەتوددەولەی بە سوار و سەربازو تۆپەوە ڕەوانەی شاری سابلاخ کرد. ئامۆژگاری کرا کە بە ڕێنمایی و قسەی خۆش کچەکە بستێنێ دەنا بە زەبری هێز کێشەکە کۆتایی پێ بێنێ. بەڵام ئەو شێوازە کاریگەر نەبوو و ڕۆژی"١٥ی زەیحەججە (٢١ی پووشپەڕ)، بڕیاری تەقە درا. پاش ئەوەی پاشەکشە (بە خەڵک) کرا، کچە ڕادەستی حکومەتی سابلاخی موکری کرا و ئاژاوەگێڕان بڵاوەیان پێ کرا". هیچکام لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان ئەوە پشتراست ناکەنەوە. قسەکانی دواتری ئیعتمادولسەڵتەنەش بە جۆرێک ئەم ئیدیعایەی خۆی وەدرۆ دەخەنەوە. وێدەچێ بۆ دەسەڵاتی قاجار و ئەو کاربەدەستە پلە بەرزەی دەسەڵات سەخت بووبێ کە ڕاستەوخۆ دان بە سەرکەوتنی ئیرادە و خواستی خەڵک لە بەرامبەر دەسەڵات دا بنێ. هەر بە دوای ئەو قسەیەدا دەڵێ: " بەڵام ئاژاوەگێڕانی سەر بە عوسمانی دیوانی لێکۆڵینەوەیان بۆ کچی

